# سامانە سروشتیەکانی کوردستان ملّکی 42 میلیون کوردستانین و نەک چەند دەوڵەتی بێگانە و یا چەند حیزب و ڕێکخراوی کوردی!!


**ئەیوب ڕەحمانی**

rahmayub@yahoo.de


گەلّی کوردستان بنەماڵەیکی لێک هەڵبراوە کە زۆر لە مێژە داری بە سەر پەردیەوە نەماوە! کوردستان ئەو ملّکەیە کە زیاتر لە 2500 ساڵە، واتە بە دوای دامەزرانی حکومەتی هەخامەنەشیەکانەوە هەرگیز بە تەواوی نەحەساوەتەوە و بە ڕێک و پێکی بە دەست خاوەنە سەرەکی و ئەسڵیەکانی خۆیەوە کە کوردەکانن، نەبوە، بەڵکو دایمە لە ژێر زەبر و زەنگی ئەم یا ئەو دیکتاتۆرەوە بوە! کوردستان تاقە ئێرس و میراتێکە کە یاسای نێودەوڵەتی (بخوێنەرەوە زۆرداری زلهێزەکانی جیهان بۆ تموحی نەوت و گاز و خاک و سەروەت و سامانی وڵاتان) خاوەنە ئەسڵیەکانی خۆیان لێ بێ بەری کردوە!

هەمو دەزانین کە کوردستان سروشتێکی دەوڵەمەند و پڕ بایەخی هەیە، بە جۆرێک کە بەس زەویەکانی باشوری کوردستان و گەرمیان بە تەنیا دەتوانن نە تەنیا هەمو بەرهەمێک بۆ کوردستان بە بەر بێنن، بەڵکو زیادە لە هەمو کوردستان، بە وڵاتانی دیکەشی بفرۆشێن. کوردستان خاوەنی نەوت و گازی سروشتی، خاوەنی ئاوی شیرین و ڕوبار و شاخ و داخی فراوانە، خاوەنی هەمو جۆرە کانێکی بەرد و زێڕ و زیو و مس و ئالەمینیۆم و هتدە. بێجگە لە هەمو ئەمانە کوردستان خاوەنی مێژوی تەمەدون و شارستانیەتی مرۆڤایەتیە، خاوەنی مێژوی یەکەمین کشت و کاڵی بەشەرە لە سەر ڕوی خڕیی زەوی. کوردستان چەند هەزار ساڵێک لەمە پێش بەس خاوەنی ئاو و خۆرەتاو نەبوە، بەڵکو خاوەنی ئاقڵترین مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە بوە و یەکەمین مرۆڤەکان بون کە ژنانیان دەستییان داوەتە کشت و کاڵ و لە نزیک ڕوبارەکان نیشتەجێ بون و وردە وردە ڕاویان کەم کردۆتەوە. بە پێی لێکۆڵینەوی مێژوناسە ئاڵمانیەکان و دۆزینەوەی دیهاتێک لە ژێر گلّدا کە ڕێک لە نێوان کوردستانی باشور و باکور و باشوری بچوک دۆزراوەتەوە و هەر ئێستاکەش کاری لە سەر دەکەن و کاتی خۆی واتە 120 ساڵێک لەمە پێش، عوسمانلیەکان ناوی تورکییان لەو ناوچە ناوە، یەکەمین مەعبەد یا خۆ شوێنی عیبادەت و دۆعا کردن بۆ چاک بونەوەی نەخۆشەکانیان و بریندارەکانیان لەو ناوچەدا بوە و هێشتا لێکۆڵینەوەکان کۆتاییان پێ نەهاتوە و هێشتا نە زانراوە کە ئەوان لە چیی و لە کێ پاڕاونەوە بۆ چاک کردنەوەی نەخۆشەکانیان!!! مێژوی ئەم مەعبەدە کۆنانە دەگەڕێنەوە بۆ زیاتر لە 10000 ساڵ لەمە پێش، واتە 10000 ساڵ لەمە پێش کە لە ئوروپا و باقی شوێنەکانی جیهان بەربەرییەت حاکم بووە، لە کوردستان تەمەدون و شارستانیەت هەبوە و ئەمەش بە پێی لێکۆڵینەوە نوێکان دەکوترێت و نەک لە گۆترە!

خاکێک کە ئەم هەمو سیفاتە باشەی تێدا بێت، پێویستی بە گەلێکی زیرەک و لیزانیش هەیە کە بیپارێزێت و بە دەست خۆیەوەی بگرێت و نەیداتە دەست کەسەوە. مادەکان ئەم ئەرکەیان زۆر بە باشی بردبوە پێشەوە و ئەوان ئەم خاکەیان نە تەنیا پاراست و نەیاندایە دەست کەسەوە، بەڵکو پەرەشییان پێ داو و هەمو ئێران و ئێراق و ئەفغانیستان و پاکیستان و تورکیە و سوریەی ئەمرۆیی کە ئەوکات هیچکام بونیان نەبو، بەڵکو دواتر شکڵیان گرت، لە ژێر فەرمانڕەوایی مادەکاندا بون. تا ئەوەی کە بەڵا و فێڵ و کەڵەک و زیرەکی و لێزانیی کورشیی قەومی پارسەکان یا خۆ هەخامەنەشی کە خۆی لە داوێنی مادەکاندا لە دایک بو و هەر لەوێش گەورە بوبو، کۆتایی بە ئیمپراتوری مادەکان هێنا و ئەوجار قەومی پارس و هەخامەنەشیی هەموی گرتە دەستیی خۆی و ئیتر لێرەوە بە دوا، هەمومان ئەم مێژوە  دەزانین. بۆ ئەوەی کە ئێرانیەکان واتە پارسەکان، نەک ئێران بە شکڵی ئەمرۆ، کە لەو کاتەوە تا ئەمرۆکەش دایمە دەرهەم ئیمپراتوری و حکومەت و دەسەلّات بون، نە تەنیا مێژوی ئێمەیان لە ناو بردوە و بەڵگە مێژوییەکانی ئێمەیان بە قازانجی خۆیان گۆڕیوە، بەڵکو مێژویی خۆیانیشیان پشتا و پشت گێڕاوەتەوە و

تا حەدێک زیندو ڕایانگرتوە، کە دیارە شاعیرانی پارسی بێژی وەک فیردەوسی و سەعدی و حافز و ڕودەکی و گەنجەیی و بگرە خەییامیش و زۆری تریش نە تەنیا خزمەتێکی بێ وێنەیان بە کولتور و زمانی فارسی کردوە، بگرە هەزار جۆر داستانی قارەمانەتیی و گەورەیی و عەزەمەتیی خۆیانیان کە هەڵقولاوی مێشک و زەینە، بۆ وێنە شاهنامە، دروست کردوە و لە زۆر شوینیش مێژویان بە قازانجی خۆیان و بە پێچەوانە نوسیوەتەوە و چەواشەکارییان تێدا کردوە! بۆیە ئەم مێژوەی کە دەرخوارد ئێمە و مانان دراوە دەزانین، بەڵام لە ڕاستیی و دروستییان بە گومانین و هەر دەبێت واش بین. کەواتە ئەوان مێژوی پێش خۆیان کە دەبێتە مێژویی ئێمە و مانان، ون کردوە و زۆر شتییان بە ناوی خۆیانەوە نوسیوەتەوە، و لە کاتی دەسەڵاتداریشیاندا بە سەر ئێمە، هەمو مێژوێکیان بە ناوی خۆیان و بە قازانجی خۆیان نوسیوەتەوە و جار و بار ئەگەر لە کەری شەیتان هاتبێتنە خوارەوە ئەوا باسێکی ئێمەشییان کردوە و بە مەرزداری بە غیرەت و قەومی ئەسیل و لەم شتانە بە خێری خۆیان ناویان بردوین و ئەمانە لە چەند کتێبێکی مێژویی یا خۆ شیعر و ئەدەبییاتیش و لە شاهنامەشدا تۆزقاڵێک ڕەنگی داوەتەوە. دیارە دواتر ئەوانیش خۆیان توشی کەسانی دیکە هاتون کە زۆربەی مێژوی ئەمانیشیان لە ناو بردوە، بۆ وێنە هێرشی عەرەبەکان و موسوڵمانەکان بۆ سەر ئێران و کوردستان، هێرشی مەغولەکان، و لەو ئەخیرانەشدا هێرشی عوسمانلیەکانیش بە تایبەت لە کوردستان هەڕەشە ئامێز و وێرانکەر بووە!

کەواتە گەلێکی زیرەک و لێزان کە دەبێت بتوانێت ئەم گۆی زەویە بە دەست خۆیەوە بگرێتەوە، خاوەنە سەرەکیەکانی ئەم خاکەن کە ئەمڕۆکە پێیان دەڵێن کوردەکان و ئەمڕۆکە هەر خۆشییان لە سەر بەشێکی زۆر کەمتر لە ئەو خاکە دەژین، واتە بەشێکی زۆر لە خاکی کوردان، کوردی تێدا ناژین، بەڵکو بە دەست عەرەب و فارس و تورک و ئازەریی و ئەرمەنیەکانەوەیە و کوردستانی گەورە ئەمڕۆکە بە داخەوە هێندە چکۆلە کراوەتەوە و لە هەمو لایکەوە گوشییویانە! بۆیە کوردستان ئەمڕۆکە هەر بە وەندە دەزانرێت کە کوردییان تیایە و تازە لە سەر ئەو تۆزقاڵەش هەر کێشە هەیە و زۆر کەس چاویان تێ بڕیوە و ئازەریەکان حاشا لە بونی ماکۆ و بازرگان دەکەن کە هی کورد بێت و عەرەبەکان حاشا لە خەلیج دەکەن کە کورد قەت لەوێ ژیابن و فارس حاشا لە پێتەختی مادەکان، هێگمەتانە، دەکەن کە هی کورد بێ و تورک هەر حاشا لە مەوجودیەتی کورد دەکەن و ئێستاش شتێک بە ناوی کورد بە ڕەسمیەت ناناسن و ئەمە لە حاڵێکدایە کە هەمو مێژوی تورک لەو ناوچانەی کە ئێستا تێیدا دەژین دەگەڕێتەوە بۆ 900 ساڵ لەمەو بەر، لە حاڵێکدا کە کوردەکان هەر لە سەرەتای مرۆڤایەتیەوە و تا چاو و ئەقڵ و فام و زانست بڕ دەکات، هەر لەوێ ژیاون.
دیارە ئەم ڕاستیانە مێژوون و حاشا هەڵنەگرن و ناشکرێت بە گوتنی ئەم ڕاستیانە و داوا کردنی مافی سەرەتایی بۆ ئەو گەلەی کە هەڕەشەی توانەوە و ڕەگەز کوژییان لە سەرە، کەسێک یاخۆ نوسەرێک بە بەرچاو تەنگ و دژی قەومە غەیرە کوردەکان ناو لێ ببردرێت! بەڵکو بە عەکسەوە پێویستە هەمو ئەوانەی کە چەواشەی ئەم مێژوە و ئەم گەلە دەکەن، لێکۆڵینەوەی ڕەگەزپەرەستییان لێ بکرێت، جا ئەگەر ئەو کەسە یاخۆ ئەو کەسانە خودی مارکس یا خۆ هەر کەسێکی مرۆڤدۆست و پێشڕەو و هتد بن!!!!
هاوکات ئەمە بە مانای ئەوەش نیە کە بە ئیشتیای خۆمان قەوارەی کەین و ببڕین و ببدورین و هیچ خەتی سورێکیش نە ناسین، بەڵکو دەبێت بۆ وەرگرتنی مافەکانی خۆمان، مافی کەسانی دیکە پێشێل نەکەین، کە پێم وایە جارێکە کورد ئەگەر بیشی هەوێت مافێک لە گەلێکی دیکە پێشێل کات، توانایەکەی نیە، کەواتە هەڕەشە ئامێز نین ئێمە بۆ سەر کەسی دیکە!

ئەمەش با لە قەڵەم نەکەوێت کە هەر وەک دەزانین و بیستومانە فارسەکان کورد بە خزمی خۆیان و ئێرانیە ئەسیلەکان و نەژادە ئارياييەکان دەزانن و تەنیا فارسەکانیش نین کە کورد بە خزمی خۆیان و لە نەژادی خۆیان دەزانن، بەڵکو تورکیش و عەرەبیش و بگرە ئازەریش هەر کەسەی بە شێوەی خۆی کورد بە خزمی خۆیان و لە خۆیان دەزانن. دیارە خزمایەتی لە گەڵ گاوریش هەر باشە و هیچ زەرەرێکی نیە و لە دوژمنایەتی زۆر باشتر و بە قازانجترە، بەڵام پێویستە کە گەلی کوردستان ئاگادار بن کە ئەمە بەس سیاسەتێکی خرت و خاڵیی ئەوانە بۆ ئەوەی کە کوردەکان بە هەر شێوەێکی کە بۆیان دەکرێت، بە هێرشی فەرهەنگیی و پاکتاویی و هێرشی نیزامی و هەتا ئاخر، لە بیری سەربەخۆیی و دروست کردنەوەی دەوڵەت و وڵاتێکی سەربەخۆ بەر حەزەر بکەن و ئەو ڕەوشەش هەوڵێکە لە پاڵ هەمو هەوڵەکانی تریان و ئێستاش لە سەدەی بیست و یەک دا ئەوان پێیان وایە کە بە چەواشەکاری و فریو دەتوانن بیری دروست کردنەوەی وڵاتێکی سەربەخۆی کوردی بگرن و بە پێناسە کردنی کورد بە قەومێک یان عەشیرەێک لە خۆیان، بیر کردنەوە لە کوردستانێکی مەزن لە بیر کورد بەرنەوە! بەڵام ڕاستیەکەی ئەمەیە کە کوردەکان لە هیچکامییان نین، بەڵکو بە بێ موبالەغە ئەوە ئەوانن کە لە کوردەکانن و بە دوای هەزاران ساڵ لێک دابڕان، ئێستا هەر کامەی خۆیان بە گەلێک و قەومێک پێناسە دەکەن و کورد لە بونی خۆی بە واتای دروستی کەلیمە بێ ناوەڕۆک دەکەن، کە دیارە تا چەندە سەرکەوتو بون هەمومان دەزانین و لە باری داگیر کردن و سڕینەوەی مێژوی ئێمە و خاکەکەشمان زۆر پێشکەوتون، بەڵام لە باری سڕینەوەی ڕەگازمان و ناومان، بە خۆشییەوە هەرگیز سەرکەوتو نەبون!

**هەمو کەسدارەکان و خاوەندارەکان بون و دەبنە وڵاتی سەربەخۆ، لەم ناوەدا بەس کورد بێکەس و بێخاوەنە!**

هەر وەک هەمومان دەزانین لە 17ی فێوریە واتە کۆتایی مانگی ڕێبەندانی ساڵی پار کە دەکاتە دو مانگ و چەند ڕۆژێک لەمە پێش، وڵاتی سەربەخۆی کۆسۆڤۆ، سەرەڕای دژایەتی گەورە لە لایەن داگیرکەرانی کۆسۆڤۆوە واتە دەوڵەتی سێرب و هەروەها ڕوسیەش، ئەو وڵاتە بچکۆلە بە کەمتر لە 2 میلیون کەسەوە، بوێرانە دەنگی سەربەخۆییان بەرز کردەوە و لە پارلیمانی وڵاتەکەیان دەنگی پێ درا و بە بێ گوێ دان بە ویستی داگیر کەری سێرب، ئەم ئەرکە مێژویی و مرۆڤانەیان بۆ بە دەستەوە گرتنی چارەنوسیی خۆیان و ڕزگار بون لە ژێر دەستەیی، بە ئەنجام گەیاند و هاوکات زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهانی بە ڕەسمیەتییان ناسیین و هیچ شتێکی خراپیش بە دوای ئەوەدا، بێجگە لە هەڕەشە و گوڕەشەی توخاڵیی داگیر کەری پێشو، هیچ شتێکی ئەوتۆ ڕوی نەداو هەرا و هوریاکانیش وردە وردە دامرکاونەتەوە جاڕێ.

لەم لاشەوە دەبینین کە تێبەتیە بودیستە ژێردەستەکانیش، لە فورسەتیی ئولەمپیک کە بڕیار وایە حدودی چەند مانگێکی دیکە لە هاویندا لە وڵاتی چینی بە ناو کۆمۆنیست و داگیر کەری وڵاتانی وەک تێبێت و تایوان و هۆنگ کۆنگ، دەست پێ بکەن، کەڵک وەردەگرن و بۆ خستنە ژێر زەختیی زلهێزی نە تەنیا بە قەوارە و بە ژمارەی مرۆڤەکانیی، بەڵکو ئەمڕۆکە زلهێزی ئابوریش کە ڕەنگە ببێتە تاقە زلهێزی ئابوری جیهان لە داهاتودا، لە دەرەوە و لە ناوەوەی وڵات دەستییان داوەتە خۆپیشاندان و مافیی ڕەوای خۆیان کە سەربەخۆییە بەرز دەکەنەوە و لەم ڕێگەشدا تا ئێستا دەیان کەسیان گیانیان لە دەست داوە و هەزارانیشیان لێ خراوەتە ناو بەندیخانەکان و ڕۆژانە بە دەست سیستەمیی بە ناو کۆمۆنیستیی چینەوە ئازار و ئەشکەنجە دەدرێن!

لاوە تێبەتیەکان، وێڕای دۆستان و پشتیوانانی دیکەیان لە جیهان توانییان بەم خۆپیشاندانانە و چەندین جار کوژاندنەوەی گڕی تایبەتی ئولەمپیک، هەمو خەڵکی جیهان لە کێشەکەیان کە نەبونی سەربەستیی و سەربەخۆیی وڵاتە داگیرکراوەکەیان و هەر وەها زەوت کرانی مافی چارەی خۆ نوسینیانە، ئاگادار کەنەوە و ئەمرۆکە دەبینین کە وڵاتانی سەرمایەدار و دەسمایەداری جیهانیش لە بەر ئەوەی کە چینیەکان خۆیان بە کومونیست ناوزەد دەکەن، پشتیوانی لە تێبەت و کەسایەتی دالایلاما دەکەن. دیارە زۆر کەسایەتی ناسراوی جیهانیش دالایلاما ڕێبەری ڕۆحانی بودیستەکانی جیهان، بە کەسایەتیێکی وەک خومەینی لە ساڵی 1979دا موقایسە و بەراوەرد دەکەن و دەڵێن کارەکانی وەک خومەینی دەچێت، بەو جیاوازیەی کە خومەینی شەڕ خواز بو و دالای لاما زاهیرەن گۆشە گیرە و عیبادەت دەکات، بەڵام دواتر زیاتر ڕون دەبێتەوە کە ئایا هەر وا دەمێنێت یا خۆ ئەگەر دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت، ئەمیش دەبێتە خومەینی ڕاستەقینە! ئەمەشمان لە بیر نەچێتەوە کە هاوکات کە ئەمریکای زلهێز لە باری ئابوری و نیزامیشەوە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ ڕکود دەکات و لە زۆر شوێنی جیهان چەقیوە و نرخی نەوتی ڕەش ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکات و دولاری ئەمریکی دابەزیوە و ڕەنگە زیاتریش دابەزێت، بەڵام چینیەکان هەم لە باری نیزامی و تەسلیحاتیەوە و هەمیش لە باری ئابوریەوە خۆیان بەرەو ئەو جێگایە هەڵدەخزێنن کە ئەمرئیکیەکان هەبون، واتە ببنە یەکەمین و بە هێزترین زلهێز و ئەمریکا و ئوروپاش پاش خۆیان خەن، کە ئەمەش هۆێکە بۆ پشتیوانی کردن لە تێبەتیەکان، نەک لە بەر چاوی ڕەشی ئەوان، بەڵکو لە دژایەتی لە گەڵ چیندا.
بە هەر حاڵ ڕەنگە لەم ناوەدا تێبەتیەکان قازانجێکی مەزن و مێژویی بکەن و ئەویش وەرگرتنی سەربەستیی و سەربەخۆیی وڵاتەکەیان و بە دەستەوە گرتنی مافی چارەی خۆ نوسین بێت، کە منیش هیوادارم وا بێت!

لە لایکی دیکەشەوە، قسە و باس و دیالۆگ و دانوستانەکانی بە ناوی ئاشتیی فەڵەستین و ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتیی ناوەڕاست بۆ دروست کردنیی دەوڵەتیی سەربەخۆیی فەلەستین هەر لە ئارادایە و بڕیارە تا کۆتایی ئەمساڵی 2008 ئەوانیش بە چەشنێک لە سەربەخۆیی بگەن. دیارە فەلەستینیەکان زۆر زوتر دەیانتوانی ئەم مافە بەدەست بێنن، بەڵام شەڕخوازی ناوخۆیی خۆیان و دەست تێوەردانی ئێران لە کار و بارەکانیان و ڕژاندنی میلیاردها دۆلار پوڵی بە قەول نەتەوەیی ئێران، کە بەشی کوردیشی پێوەیە، بۆ ناو گیرفانی حیزبوڵا و حەماس و دعوە و کێ و کێی تر، و پڕ چەک کردنی ئەو هێزە میلیشیایانە، ئەوانی لە سەربەخۆیی دور ڕاگرتوە و ئێستاش خەونی توانەوەی ئیسرائیل لە کەللەیاندایە، کە پێویستیان بە هێندێکیتر کات هەیە و هەروەها بڕینی دەستی ئێران و سوریە لە وڵاتەکەیان و ئەگەریش بۆیان بکرێت نەهێشتنی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، ئەوجار کێشەی فەلەستین و ئیسرائیلیش تەواو دەبێت.

**ئەی کوردوستانە حەیاتەکە؟**

دوای ئەم باسانە نۆرەی کوردستانە حەیاتەکەیە، کە وەک شاگردی تەنبەڵی ناو کەلاس، لە هەمو شتێک وەدوا کەوتوین و ئەو هەمو جورم و جینایەت و کۆمەڵکوژی و شیمیایی و ئەنفال و ڕەگەز کوژیی و هەتا ئاخر لە دژمان کراوە و دەکرێت، کە هەرگیز لە تێبەت و کۆسۆڤۆ و فەلەستین، بەم شکڵە تراژیدیا ئینسانیانە کە لە هەمو پارچەکانی کوردستان کراوە، نەبوە و نەکراوە، بەڵام کوردستان ناوی وەک

نەتەوەێک کە دەبێت دەوڵەتی هەبێت، هەر نیە! بەڵێ وەک کورد ناومان زیندوە، بەڵام وەک نەتەوەێک کە مافی بدرێتێ، کام وڵات بە دڵخواز ناومان دەبات؟ ئەمریکایەکان؟ ئوروپایەکان؟ ڕوسەکان؟ ئینگلیسیەکان .......؟ ئەمە نەک بەو مانایە کە ئەوان بێن و بمانکەن بە شتێک، بەڵکو بەو مانایە کە پشتیوانمان بن و باسمان بکەن و ناومان بەرن و تەنیا فرمێسکمان بۆ نەرێژن و خەتی 32 دەرەجەمان بۆ دانەنێن کە بمانپارێزن، بەڵکو بە ڕاشکاوی بڵێن کە کورد دەبێت دەوڵەتی هەبێت، تا ئێستا ئەم باسە لە ناو تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکانیشدا بونی نیە!
نە تەنیا یوئێن بەڵکو هیچ وڵاتێک بە دلخوازی خۆیان و بۆ پشتیوانی جیهانی لە کورد وەها باسێک ناهێننە گۆڕێ، بۆ ئەوەی کە هەمو لە سەر یەک باوەڕن کە بە پێی نەزمی جیهانی دوای شەڕی یەکەم، کوردستانێک بونی نیە و هەمو ئەو ملکە، خاکی 5 داگیرکەرەکەی کوردستانە، واتە بڕیارە شومەکەی لۆزان، هەمو شتێکی بۆ ئەوان بڕیوەتەوە و پێیان وایە کە لە باری حقوقی و مافخوازیەوە، کورد بۆی نیە باسی وڵات بکات!
کەواتە هێشتا کورد(کاتێک دەڵێم کورد بە شکڵی عام باس دەکەم و مەبەستم هەمو خەڵکی کوردستانە، نەک تەنیا کورد) هیچی نەکردوە و کاری نەکردوە و بە تەماشە دەوڵەت دروست کات، کە دیارە شتی وا نابێت و ئیمکانی نیە، مەگەر ئەوەی کە زلهێزەکانی جیهان بەو قەناعەتە بگەن کە بڕیاری لۆزان یاسایی نیە و مەرجی حقوقی و مێژویی خۆی لە دەست داوە و کوردیش بە 42 میلیون کەسەوە وەک گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەت، مافی دروست کردن و بەڕێوەبردنی وڵاتی خۆیانیان هەیە!

کەواتە کارمان زۆرە و کەم کەس تاقەتی هەیە کاری سیاسی بکات و کاری سیاسیش پێویستی بە مادییات هەیە بە تایبەت لە دەرەوەی کوردستان، کە بە داخەوە، ئەمڕۆ 90 لە سەدی کوردستانیەکان لە دەرەوەی وڵات، وەزعی گیرفانیان باش نیە و ئەو 10%هەش یا پیا ڕاناگەن، یا خۆ نایکەن.
دەمێنێتەوە شاڕەگی حەیاتی ئەمڕۆمان کە باشوری کوردستانە! دیارە هەمومان لە سەرمان فەرزە کە ئەم ئەزمونە بە چاو و دڵ و گیان بپارێزین. هاوکات ئەمەش بڵێین کە باشوری کوردستان و حکومەتی هەرێم، کە ئەگەر ئێمە و ئەوانیش و هەمومان باوەڕمان بە یەک پارچەیی کوردستان هەبێت و پێشمان وابێت کە هەمو کوردستان یەک وڵات و یەک خەبات و یەک نەتەوەین، کەواتە سامانەکانی باشوری کوردستان کە ئەمڕۆکە بە خۆشیەوە بەشێکی زۆری بە دەست کوردەوەیە، پێویستە کە بەشێکی کەمی یا خۆ موناسیبی، ناڕاستەوخۆ، لە خزمەت ڕێک خستنەکانی دەرەوەی وڵاتی کوردەکان، نەک هەر حیزبەی بۆ خۆی و بۆ ڕێکخراوەکەی خۆی، بەڵکو لە خزمەت هەمو کوردستانیاندا بێت و کوردستانیان پێویستیان بە ڕێکخراویی گەورەی نەتەوەیی لە هەمو پارچەکانی کوردستان لە دەرەوە هەیە و ئەم ڕێکخراوە تلویزیۆنێکی سەربەستیی غەیرە حیزبیی پێویستە و دەیان و بگرە سەدان کورد دەبێت لەو ڕێکخراوەدا کار بکەن و بە میلیونیش ئەندام بن تێیدا، و ئەوانەی کە کاری تێدا دەکەن ئەگەر نا بە تەواوی، بەڵکو بە نیوە چڵیش بێت، حەقدەستیان پێ بدرێت و کوردستان وەها ڕێکخراوێکی پێویستە و کێ پێش قەدەم دەبێت بۆ ئەم کارە، خودای لێ ڕازی بێت!!

کەواتە بە بێ دڵگران بون لە نوسەری ئەم بابەتە، سامانەکانی کوردستان، لە گەڵ ڕێزمدا، بەس هی بەشێک یا خۆ چەند حیزب و ڕێکخراوێک نیە، بەڵکو هی 42 میلیون کوردستانیە و تەنیا ئەم جۆرە بیرکردنەوەش ڕێگای سەرکەوتنە، هەمو ڕێگاێکیتر بەرەو ئینشیقاق، لێک دور کەوتنەوە، حیزب حیزبێنێ، لێک غەریب بون و هەرکەس بۆ خۆیی و هتدمان دەبات! هەروەها بەرەو ئێرانچیەتی و عێراقچیەتی و تورکچیەتی و سوری چیەتی زیاترمان دەبات، کە ئەمە دیاردەێکی هەڕەشە ئامێزە و هەر

**له ئێستاشه‌وه ئه‌م دیارده به داخه‌وه له ناو کاناڵی ئاسمانی تیشکدا به ڕونی و زه‌قی و بگره له زه‌وق ده‌ریش دیاره و حاشا هه‌ڵناگرێت!**
**که‌واته با فریا که‌وین و واز له هه‌ر که‌س بۆ خۆی بێنین و له‌مه زیاتریش شاگردی ته‌نبه‌ڵی ئاخری که‌لاس با نه‌بین!**

**بژیی ته‌بایی و یه‌کگرتویی و هاوپشتیی کوردستانیان له هه‌مو جیهان له ناوه‌وه و له ده‌ره‌وه‌ی وڵات**

23ی **خاکه‌لێوه‌ی** 2708